# عەرەبە ئاوارەکانمان لیَمەکەنە فۆبیا


## محمد حسین

muhemedhusen@yahoo.com




ماوەیەکە دیاردەی عەرەبە ئاوارەکانی کوردستان بۆتە جێگەی باس و گفتوگۆی ناوەندە میدیاییەکانی کوردستان , بەشێکی زۆری

ئەو بۆچونانەی لەبارەی ئەم دیاردەوە ئەبیسرێن هەر لەسەرەتاوە ئەو ڕاستیە نیشان ئەدات کە کۆمەڵگای ئێمە هیچ پێشینەیەکی نیە لەپەنادانی ئاوارەی میللەتان و وڵاتانی تردا , بەڵکو ئێمە لەڕابردوودا تەنها ئاوارەبونمان ئەزمون کردووە نەک داڵدەدان . لەنێو گفتوگۆکاندا هەندێك بۆچوون هەیە کە ئەیەوێت دیاردەکە لەدەرەوەی کۆنتێکستە مرۆییەکەیدا ببینێت , لەو ڕوانگەوەی کە تاچەندە سودمەند یان زیانمەندمان ئەکات , ئەمەیش تاڕادەیەکی زۆر دۆخی نالەباری سایکۆلۆجی قسەکەرەکانمان نیشان ئەدات بەرامبەر عەرەب بەگشتی و تەعبیرێکی ئاشکرایشە لەو ڕق و بێزاریە قوڵەی کە ڕژێمە سەرکوتکارەکانی عێراق دەشێت لەناخی هەر کوردێکدا دروستیان کردبێت . بەڵام بەتاڵکردنەوەی ڕق و قینێك کە سەدام حسین و عەلی کیمیاوی دروستی کردووە بەرامبەر ئەو عەرەبانەی لەترسی مەرگدا ماڵ و حاڵی خۆیان جێهێشتووە و پەنایان بۆشارەکانی کوردستان هێناوە گرفتێکی عەقڵی و ئخلاقی و ویژدانیەو ناکرێت بهێڵین بەسەرماندا تێبپەڕێت .

پێش چەند مانگێك لەیەکێك لەگفتوگۆکانی بەشی have your say سایتی kurdishmedia.com بۆچونی چەند برادەرێکمان بینی کە داوای ناچارکردنی منداڵی ئاوارە عەرەبەکانیان ئەکرد بۆخوێندن بەزمانی کوردی ئەگەر چی کوردی زمانی دایکیان نیەو و هیچیشی لێ نازانن , ئەوکات وەها تێگەیشتم بۆچونێکی وا دەکرێت لەبەر ڕۆشناییی ئەو حەنینە nostalgia نەتەوەییەدا ببینین کەژیانی ئاوارەیی و دورە وڵاتی لای ئەو بەرێزانە دروستی کردووە . بەڵام بەتێپەڕینی ڕۆژگار بۆچونی نێگەتیف بەرامبەر عەرەبە ئاوارەکانی کوردستان زیاتر و بەبیانوی جیاوازتر لەزۆر شوێندا دەرکەوتەوە بێ لانی کەمی ڕەچاوکردنی ئەو دۆخە مرۆییە سەختەی هۆکاری ئاوارە بونەکەیانە .

بەشێکی ئەم بۆچونانە لەڕوانگەیەکی نابەرپرسیارانەوە سەرچاوەی گرتووەو پێی وایە ناکرێت هەرێمی کوردستان پابەند بێت بەداڵدەدانی ئاوارەی عەرەب و بونیان لەکوردستاندا بە هۆکاری کۆمەڵێك کێشەی وەکو گرانی بازاڕو بەرزبونەوەی کرێخانو و ...هتد ئەزانێت . کورتبینی ئەم بۆچونە لەوەدایە نازانێت گەر باشوری کوردستان ئەو پابەندیە دەستوری و سیاسیانەیشی نەبێت کە بەعێراقی ئەبەستێتەوە , گەر دەوڵەتێکی سەربەخۆیش بێت و بەشێك نەبێت لەو عێراقە فیدراڵەی کە کورد کردویەتیە تەنها خیاری سیاسی خۆی , ئەوا هەر ئەوەی پێناکرێت ڕێگە لەهاتنە ژورەوەی خەڵکانێك بگرێت کە هەڕەشەی مەرگ هێناویەتیە سەر سنورەکانی , مەحاڵە هیچ وڵاتێك هەبێت لەدنیای ئەمڕۆدا ڕێگە لەهاتنە ژورەوەی ئەو ئاوارانە بگرێت کە لەدۆخێکی نائارامی وەکو ناوچەکانی دیالەدا ئەژین . ساڵی 1991 تورکیا و ئێران بەهیچ مانایەك نە دۆستی کورد بون نەئەو بارودۆخەشیان پێ خۆش بوو کە خەڵکی کوردستان بەڕاپەڕین و کۆڕەوەکە دروستی کردبوو , کە چی هەر نەیانتوانی ڕێگە لە چونە ژورەوەی ملیۆنان ئاوارەی کورد بگرن بۆناو سنورەکانیان . ئەم جۆرە گرفتانە لەهەموو وڵاتێکی دنیادا لایەنە مرۆییەکەی زیاتر تەماشائەکرێت

تا لایەنە ئابوری و سیاسیەکانی . لەنەریتی سیاسەتی نێودەوڵەتیشدا زۆر کەم و دەگمەنن ئەو حاڵەتانەی کە دودڵی لەیارمەتیدانی دۆخی تراژیدی پەناهندەیەکی وەکو عەرەبەکانی لای خۆمان بکات .

پارادۆکسی سەرەکی لەبۆچونی ئەم بەرێزانەدا ئەوەیە کە خۆیان خەڵکی وڵاتێکن بەشێکی زۆری مێژووەکەی ئاوارەیی و دەربەدەریە , کەچی بەم جۆرە لەکێشەی ئاوارەیی خەڵکانی تر ئەڕوانن ! ئەمە پێش هەر شتێك گرفتێکی گەورەی ویژدانی و ئەخلاقی نوخبەی ئەنتلجنسیای کوردمان نیشان ئەدات کە ناتوانێت لانی کەمی تێگەیشتنی هەبێت بۆ کێشەی مرۆیی ملیۆنان خەڵك کەلەیەك چوارچێوەی جوگرافیدا ئەژین و لەزۆرلایەنیشەوە هاوچارەنوسین لەگەڵیاندا , لە کێشەیەکی وەك ئاوارەیی و پەناهندەیشدا کە مرۆڤی کورد لەهەموو کەسێك زیاتر پێوە ناڵاندویەتی .

هاجسی ئەمنی یەکێکی ترە لەو پاساوانەی کە دژی هاتنی ئاوارەی عەرەب بەکار ئەهێنرێت , ڕاستە ترسناکی گروپە تیرۆریستەکان لەناو عێراقدا نەك بۆکوردستان بەڵکو بۆ ئەمریکاو ئەوروپایش هەڕەشەیە , ئەمەش ئەرکی دەزگا پەیوەندی دارەکان قورستر ئەکات . بەڵام لەخوێندنەوەی ئەو ترسەدا پێویستە ڕەچاوی سروشت و بارودۆخی ئەو خەڵکانە بکەین کە بەئاوارەیی دێنە کوردستان , ئەمانە خۆیان قوربانی تیرۆر و توندو تیژی ئاینی و مەزهەبین , ئەمانیش هەروا لەدەست ئەو تیرۆرە هەڵهاتون , گەر ئامادەبوایەن هاوکاری ئەو گروپە تیرۆریستانە بکەن ئەوا هەر لەسەرەتاوە ئاوارە نەئەبوون . خراپی ئەم تێگەیشتنە ئەوەیە وائەزانێت تیرۆر بەس لە بەشە عەرەبیەکەی عێراقدا هەیەو ئەژی و گەشە ئەکات , لەکاتێکدا چەندین ساڵ پێش عێراق ئێمە مۆدێلی ( جند الاسلام ) ان بینی کە ئێستا بۆتە مۆدێلی زاڵ لەعێراقی سونەکاندا , زۆر لە ڕیپۆرتە ڕۆژنامەوانیەکان باس لە بونی ڕێژەیەکی دیار لەئەمیرو سەرکردەی کورد ئەکەن لەناو ئەو گروپانەدا , هەموو ئەم ڕاستیانە ئەیسەلمێنێت کە تیرۆر ڕەگەزێکی نامۆنیە بەکایەی سیاسی کوردستان , یاخود کوردستان گۆڕەپانێك نیە تیرۆریستان شارەزای نەبن و دەلیل و دەستکێشی خۆیانیان تیا دەست نەکەوێت , هەم پێش ئەم ئاوارانەو هەم بەبێ ئەوانیش مەترسی تیرۆر هەر مەترسییەکی زیندوبوە لەکوردستاندا , چونکە گۆڕەپانی سیاسی کوردستان هێندە ئیشکالیەتی سیاسی و ئیداری و دادوەری تیابووە کەبشێت لەم جۆرە گروپانەیشی تیادروست ببێت .

لەوەڵامی هەموو ئەو پاساوانەدا دەکرێت بوترێت کۆمەڵگای کوردی پێشتر خۆی لەهیچ کێشەیەکی کەم نەبووە تا ئێستا هاتنی ئەم ئاوارانە بکرێتە هۆکار بۆی , مەترسی تیرۆر , گرانی و ناجێگیری بازاڕ , قەیرانی نیشتە جێبون و گرانی کرێ خانوو , هەموو ئەمانە لەو کێشانەن کەزۆر پێش هاتنی ئەم ئاوارانە هەبوەو خەڵکانێکی زۆر گیرۆدەی بوون , چ مانایەکی هەیە ئەنجامی کەڵەکە بونی کێشە چارەسەر نەکراوەکانی کوردستان هەڵواسینە هاتنی ئەم ئاوارانەدا کە لەڕاستیدا هاتنی ئەوان بەس ڕێژەی گیرۆدەبووەکانی ئەم کێشانە زیاد ئەکات نەك هیچی تر .

ئەگەر نوسەرو میدیاوانەکانی کورد تائێستا ڕەخنەیەکیان لەلایەنی ڕەسمی کوردستان نەبوبێت لەبەر هەر کەمتەرخەمیەکی بەرامبەر ئەم ئاوارانە ڕەنگە زۆر نامۆ نەبێت بەلامانەوە , چونکە ئەوان خزمەتی هاووڵاتیە ڕەسەنەکانی کوردستانیشیان زۆر نەکردووە تائێستا داوای خزمەتی میوانەکانیان لێبکەین , کورد واتەنی " گوریس بەیەك لۆی نەئەگەیشتەوە نۆرەی دوو لۆکردنیەتی " , بەڵام ئەوەی سەرسوڕ هێنەرە خەڵکانێك هەبن ڕەخنەی ئەوە لەحکومەتی هەرێم بگرن " بۆچی ڕێگەی هاتنە ژورەوەی عەرەب ئەدات .. بۆچی لەگەڕەکەکەی خۆیاندا دووماڵ یان چوار ماڵ ئەبینێت بەعەرەبی قسەئەکەن " , ترسناکی ئەم بۆچونە فاشیە ئەو کاتە زیاتر ئەبێت کەدەگاتە بەرگوێی کەسێکی خاوەن شەهیدو ئەنفال , یان ئەو کەسانەی بەجۆرێك لەجۆرەکان قوربانی سیاسەتە وەحشی و فاشیەکانی

بەعس بوون , چونكە هەموو مەسیجێك وەرگری خۆی ئەدۆزێتەوە , لەدۆخی كوردستانیشدا مەسیجێكی وەها شۆڤێنیانە گەر 4 ٪ ی قوربانی و داخ لەدڵەكانی سەدام حسێنی بۆ مۆبیلیزە بكرێت كەم نیە بۆئەوەی هەڵوێستی نەشازو نالەباری لێبكەوێـتەوە . لەدروستكردنی وێنەیەكی وها ناشیرینیشدا بۆئەم عەرەبانە , یاخود خولْقاندنی فۆبیایەكی دژ بەعەرەب لەناوكۆمەڵگای كوردیدا كەیەكەم جارە داڵدەی خەڵكی ئاوارەو لێقەوماوی میللەتان و وڵاتانی تر ئەدات كەس سودمەند نابێت .